حاڵەتێکی دیکەی تای خوێنبەربوون لە دەڤەری راپەرین تەمارکرا

ئەمە هەینی ، وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کورستان ،رایگەیاند حاڵەتێکی دیکەی تای خوێنبەربوونی لە دەڤەری راپەرین تەمارکرا .

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی تەندروستیدا هاتووە :- تووشبووەکە تەمەنی 29 ساڵە، دانیشتووی ناحیەی بەسکەنە لە قەزای رانیە، پیشەی ئاژەڵدارە و بەرکەوتەی ئاژەڵی تووشبوو بووە، لە ئێستادا لەژێر چاودێریی چە لە نەخۆشخانە خوێندراوە و چارەسەر وەردەگرێت، تا ئێستا باری تەندروستیی جێگیرە.

وەزارەتی تەندروستی داواش لە هاووڵاتیان دەکات، پابەند بن بە جێبەجێکردنی رێنماییەکان، لە کاتی بوونی گومان و نیشانەکانی نەخۆشی لەسەر ئاژەڵ پەیوەستە تیمەکانی ڤەترنەری ئاگادار بکەنەوە.

بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتەکە لە دوو مانگی رابردوو لە هەرێمی کوردستان چوار حاڵەتی تای خوێنبەربوون تەمارکراون، کەسەکیان گیانی لەدەستداوە و ئەوانی دیکە چارەسەریان بە کراوە و گەڕاونەتەوە نەو ماڵوحاڵی خۆیان.